
ڕاگەیاندنی ناڕەزایەتی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالآن سەبارەت بە:

# لە کارەساتی کوشتنی(ڕەیان)ی تەمەن 8 سالآن لە کەرکوك ، ڕیسوایی بۆ داگیر کەران..!!



تراژیدیای تیرۆر کردنی ڕەیانی تەمەن 8 سالْ ، چیرۆکێکی جەرگ بڕو ڕووداوێکی دڵتەزێنە، بەجۆرێك کە هەست و وێژدانی هەموو مرۆڤێك دێنێتە ژان. هێزی داگیرکەری ئەمریکا، ڕۆژ نییە مێشکی چەندین منالْ و لاوی ئەم وولاتە نەپژێنن و نەیکەن بە نیشان، ڕۆژ نییە چ بە ئەنقسەت و چ بە بیانوی گەڕان بەدوای تیرۆریستاندا، یان ئەوەتا بۆ خۆشی خۆیان و نیشاندانی گیانی دڕندەییان، چەندین منالْ و لاوو، گەنج و پیر خەڵتانی خوێن نەکەن. سەرباری دزینی سەروەت و سامانی ئەم وولاتەو وێران کردنی ، سەرباری ئیغتساب کردنی ژنان و دەستدرێژی کردنە سەریان، کوشتنی منالآن و خەڵکی بێتاوان و بێدیفاعیش بووەتە سادەترین کاری ڕۆژانەی ئەوانەی کە بە دیاری "دیموکراسیان لەگەلْ خۆدا بۆ عێراق و کوردستان هێنا".

داگیر کەران ، ئەمجارەشیان نێوچەوانی منالێکی چاوگەشی دەم بەخەندەیان کردە نیشان. ڕەیان، ئەو منالە ئێسك سوکە شیرینە بوو هەموو تاوانی ئەوەبوو کە بە ئۆتۆمۆبیل لەگەلْ خێزانەکەیاندا بەو ڕێگەیدا ڕۆیشتن کە ڕێگەی مالی خۆیانە، کە شارو وولاتی خۆیانەو بەلای هێزی داگیر کەر و سەربازە دڕندەکانی ئەمریکادا تێپەڕبوون و هیچی تر.

بەپێی گێڕانەوەی هەوالی ئەم ڕووداوە لەزاری باوکی ڕەیانەوە، دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاگادر کراونەتەوە لەو ڕووداوە دڵتەزێنە بەلآم ئەوان ئامادە نەبوون کە بێن و لە ڕووداوەکە بکۆڵنەوەو تاوانی سەربازەکانی ئەمەریکا ریسوا بکەن، ئاشکرایە کە دەسەلآتدارانیش هەر ئەوانەن کە چەپڵەیان بۆ ساروخەکانی ئەمریکا لێدادت و گولْ بارانیان دەکرن و وەك فریاد ڕەس و فریشتەی دیموکراسی هێنەر بۆ خەڵکی کوردستان و عێراق باسیان دەکردن، ڕاگەیاندنێکیش  کە گوزارش لەم دەسەلآتە بکات، حەتمەن نایەت و ئەمریکا بە ئینسان کوژ لەقەڵەم نادات. ئەم مرۆڤ کوژانە هەر ماوەیەك

لەمەوبەر بوو دەیان پێشمەرگەیان لە موسڵ بۆمباران کرد و کوشت، لە ناسریەش تەقەیان لەو ژنە دوگیانە کرد کە لەبەر ژانی منداڵ بوون دەیانویست بەپەلە بیگەیەنن بە نەخۆشخانە و خۆی و کۆرپەکەی ناوسکیان لە خوێن هەڵکێشاو بێگیانیان کردن، پێشتریش لە بەغداد بە دەبابەوە بە سەر خێزانێکی تردا ڕۆشتن و فریانەکەوتن منداڵەکان بەناوی ( محمەد جورانی) لە ئۆتۆمۆبێلەکە دەربێنن و لەگەڵ زەویدا تەختیان کرد، بیٚ ئەوەی مێش میوانیان بێت، بێئەوەی ئەمجارە تەنانەت sorry یەکەش بڵێن.

ئێمە لەسەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان، لە قولایی دڵمانەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بەڕێزان کاك ئاراز و ئیلهام خان دەکەین و لە ناخمانەوە بەشداری غەم و پەژارەیانین، بەهیواین ئەمە دواخەمی خۆیان و خێزانەکەیان بێت. لەهەمان کاتدا ئەم کردەوە نامرۆڤانەیەی سەربازەکانی ئەمریکا و داگیرکەرانی هاوپەیمانیان ڕیسوا دەکەین، پێویستە بە هەموومان لە پێناوی ڕێسوا کردنی هێزی داگیر کەردا هەوڵەکانی خۆمان وەگڕ بخەین، لە هەمان کاتدا بە توندی ناڕەزایەتی خۆمان بەرامبەر هەموو ئەو هێزو دەسەلات و لایەنانە دەردەبڕین کە هێزی خوێنڕێژی ئەمریکا بە ڕزگار کەرو دیموکراسی هێنەر ناودەبەن و هاوکارییان دەکەن.

ڕێسوایی بۆ سیاسەتی نامرۆڤانەو دوژمن کارانەی ئەمەریکا

شێرزاد فاتح
سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان
Tel: +46 73 57 15 449
www.santarimnalan.com

تێبینی\ وێنەکە لە(هەواڵ) ەوە وەرگیراوە.